**وەزارەتـــی دارایـــی**

**ب.گ. دارایی**

**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە**

**ژمارە: ١٩٣٧٦/١٨/٩**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/٩/١٤**

## ڕێنمایـــــی دارایـــــی ژمـــــارە ( ٤١ )

**بۆ /وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ**

**ب/ مووچە**

پاڵپشت بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە ٩٧١٤ لە ٢٠٠٨/٩/٨ و ئاماژە بە یاسای پارێزگاکانی ڕێك نەخراو لـە هـەرێم ژمـارە ٢١ ی سـاڵی ٢٠٠٨ ی عێراقی فیدراڵ بڕیاردرا مووچە و دەرماڵەی ئەم پلانەی خوارەوە بەم شێوەیە بێت : .

١. جێگری پارێزگار و قائیمقام بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی مووچەی بۆ خەرج دەکرێت بە بڕی (٠٠٠ ٥٠٠ ١) یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار لەگەڵ دەرماڵەی تایبەت بە بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ١) یەك ملیۆن دینار ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە (٣٤) لە ٢٠٠٨/٨/١٤ .

٢ـ یاریدەدەری پارێزگار و بەڕێوەبەری ناحیە بە پلەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی مووچەیان بۆ خەرج دەکرێت بە (٠٠٠ ٩٤٨) نۆ سەدو چل و هەشت هەزار دینار لەگەڵ دەرماڵەی پایە بە بڕی (٣٠٪) لە مووچە ، هەروەها خەرج کردنی دەرماڵەکانی تریان بەپێ ی شایستە بوونیان و بەپێ ی هاتوو لە ڕێنماییمان ژمارە ٢١ لە ٢٠٠٨/٦/٢٤ .

٣. کار بەم ڕێنماییە دەکرێت لە بەرواری ٢٠٠٨/٤/١ ەوە ... لەگەڵ ڕێزدا .

**سەرکیس ئاغاجان مامندۆ**

**وەزیری دارایی**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM